نێچیرڤان بارزانی و سودانی کێبوونەوە

ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە 6/4/2024 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە بەغدا لەگەڵ محەمەد شیاع ئەلسوودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کێبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند:-لە کێبوونەوەکەدا تێڕوانینی هاوبەش بۆ تەواوی پرس و بابەتە نیشتمانییەکان و جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەتی فیدراڵیی عێراق لە هەموو بوارەکاندا خرایە بەر باس.

لەمبارەیەوە هەردوولا جەختیان لە پابەندیی حکوومەتی فیدراڵ کردەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەپێرەوەچوونی داواکاریی هاووڵاتیان لە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەروەها هاوڵا بوون لەسەر پێویستیی پشتگیریی دامەزراوە فیدراڵییەکان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان.

لە کێبوونەوەکەدا داکۆکی لە گرنگیی پشتگیریی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە

هەنگاوەکانی چاکسازیی حکوومەتی فیدراڵ کرایەوە بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی تەواو لەو وڵات و تێپەڕاندنی کێشە و بەربەستەکانی بەردەمی لەو بواری کارگێڕی و جێبەجێکاریدا.